ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەرش دەکات سەر پرۆژەی هەژماری من

یوسف کیلابی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، میوانداریکردنی بەڕێوەبەرانی بانکە حکومییەکانی عێراق کرا سەبارەت بە پرسی گواستنەوەی مووچەخۆرای هەرێمی کوردستان بە سەر بەغدا.

یوسف کیلابی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەکس ڕاشیگەیاندووە، دەمانەوێت بە کورتی ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین.. هەر ڕێککەوتنێک لە دەرەوەی بانکەکانی حکومەتی فیدراڵی ڕێککەوتنێکی نافەرمییە و نابێتە هۆی وەرگرتنی مووچەکەت و مەبەستم لەردا پرۆژەی (هەژماری من)ـە، هەروەها بانکەکانی حکومەتی فیدراڵی ئامادەن بە تەواوکردنی گواستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و دواکەوتنی ئەم هەنگاوە بەهۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.